بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

**أما بعد :**

فإن خير الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمد (ﷺ) وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالةٍ في النار ، وبعد ...

پێناسەی دڵداری : بریتی یە لە : پەیوەندییەکی مۆڵەت پێ نەدراو لە نێوان هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ دا بەمەبەستی چێژ وەرگرتن لە یەکتر.

جا پێش ئەوەی باسی حوکمی دڵداری یان خۆشەویستی یان ئەوینداری لەشەرعدا بکەین پێویستە ئەوە بزانین مەبەست لەم زاراوانە چین ، تا بتوانین حوکمی شەرعیان بەسەردا بدەین چونکە وەك گوتراوە (الحكم على الشيء فرع عن تصوره) دەبێ لە پێشدا ماناو ڕاستی ئەم زاراوانەمان لا ڕوون بێت ، پێشەکی : ئەڵێم ئەم زاراوانە و چەندین زاراوەی پەیوەندی دار بەم بابەتەوە هەریەك دەلالەت لەسەر قۆناغێك یان بەشێك لەم مەسەلەیە دەكات ، جا ئەم كار و ڕەفتارە بەهەر یەكێك لەو زاراوانە ناو بنرێت ئەوە ناو لێنانێكی نادروست و ناتەواوە و واقیع پێچەوانەی ئەوەیە چونكە لە مێژووی عاشقاندا كە نێر و



مێ حەزیان لەیەكتر كردبێ بەبێ مۆڵەتی شەرع لە قۆناغێك یان بەشێك نەوەستاوە بەڵكو پەلی كێشاوە بۆ یەكتر بینین و ڕۆچوون تیایدا و چێژ وەرگرتن و شەیدا بوونی یەك وە بۆ پێكەوە دانیشتن و گەڕان و كات بەسەربردن وە بۆ ئەوینی یەكتربوون و بگرە چەندین دەستبازی حەرام و ئابڕوبەر ، ئەمەش لای هەموو كەسێك زانراوە كە بە پەیوەندی بوون ناودەبرێت بۆ نموونە ئەو كەسانەی پێش ژنهێنانیان كە دڵداریان كردبێ دەبینی زۆر جار لە دوای ژنهێنانیان وازی لێ دێنن ئەگەر تەنها خۆشویستن بێ ئەوە كەسی خۆشەویست هەر خۆشەویستە بەڵام دڵداری لەگەڵ ناكات لەبەر ئەوەی ژنی هێناوە كەوابوو ئەم دیاردەیە بریتی یە لەبوونی پەیوەندییەكی ناشەرعی لە نێوان هەردوو ڕەگەز دا ئەمەش ناوێكی گشتی یە بۆ هەموو ئەو كردارانەی هەردوو لایەنی ئەویندار ئەنجامی ئەدەن واقعی پڕ خەم و خەیاڵی ئەویندارەكانیش ئەم ڕاستی یە دەسەلمێنێ ، جا ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ پاراستنی ڕەوشت و ئاین و بەرژەوەندی كۆمەڵایەتی مۆڵەتی نەداوە بەوەی ڕەگەزی نێر و مێ پەیوەندی بەیەكەوە دروست بكەن تەنها لە ڕێگەی ژنهێنان و شوكردنەوە نەبێ ئەمەش چەندین سودو بەرژەوەندی بۆ تاك و كۆمەڵگەی تیادایە ، بۆ نموونە ئەگەر مۆڵەت بە خۆشەویستی بدرێ و ڕەها بێت هەردوو ڕەگەز بواریان پێ بدرێت هەریەكەیان هەركەسێكی خۆشبوێت خۆشی بوێت و پەیوەندی لەگەڵ بكات ،



لەوانەیە كەسی وا هەبێت چەند كەسێكی خۆشبوێت و دڵ بدات بە چەند كەسێك ، ئایا چارەسەر چی دەبێت چارەسەریش نییە تەنها ئەوەیە خۆشەویستی سنووردار بكرێت ئەگەر كەسێ بڵێ ئەی ڕاتان چی یە بەكەسێك گەر حەزی لە كچێك یان ژنێك كرد ڕێگر چیە پەیوەندی لەگەڵدا هەبێت ، ئێمە ئەڵێین ئەگەر پێش یەكتر خۆشویستن و پەیوەندی بونیان گرێبەستێك (عقد) ێك نەبێت تا مافیان بەسەریەكەوە دابین و پارێزراو بكات ئەوە كارێكی هەرزانەیە و زیان بەخشە وە لەوانەیە یەكێكیان یان هەردووكیان ستەم لەویتر یان لەیەكتر بكەن وە بەوەفابوون و ڕاستكردن لەگەڵ یەكدا مسۆگەر ناكرێت وە لەوانەیە لایەنێك لەو دووانە پەیوەندی لەگەڵ چەند كەسێكی تردا دروست بكات ئەگەر مرۆڤ بۆی ڕەها بكرێت حەزی لە هەركەس كرد خۆشی بوێ و پەیوەندی لەگەڵ دروستكات جا بۆ ئەوەی كۆمەڵێك نەبنە قوربانی ومافەكانیان بپارێزرێت پێویستە عەقدێك هەبێت ئەم گرێبەستەش بەباشترین شێوە ئیسلام سەلماندوویەتی كەمافی كەسی و ئاینی و كۆمەڵایەتی و ڕەوشتی تیادا پارێزراوە .

كەوا بوو حوكمی خۆشەویستییەك یان دڵدارییەك یان ئەوینێك هەموو ئەو موخالەفاتانە لە خۆ بگرێت وەك چۆن لە واقعدا دەیبینین بێ گومان حەرامە و لاڕێبوونێكی

ڕەوشتی گەورە و ترسناكە و كۆمەڵگا دەبێتە قوربانی ئەو هەڵەیە چونكە ئەم شتانە لە ئەویندارى دا ڕوودەدات :

یەكەم : بۆ یەكتر ڕوانین پێش مارە بڕین ئەمەش حەرامە و خوای گەورە دەفەرموێ : {قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ} سورة النور(٣٠).

دووەم : بەتەنها لەگەڵ یەكبوون (الخلوة) پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم دەفەرموێ : (لا يخلون رجلٌ بامرأة إلا كان ثالثها الشيطان) ترمذی ڕیوایەتی كردووە (٦/٢٨٤) حديث صحيح غريب . واتە : هەرگیز پیاوێك لە گەڵ ئافرەتێكدا بە تەنها نابن ، ئیللا شەیتان سێیەمیان دەبێت .

سێ یەم : دەستبازی و چێژ وەرگرتن لە جەستەی یەكتر (لأن يطعن في رأس أحدكم بخيط من حديد خير له أن يمس امرأة لا تحل له ) أخرجه الطبراني في الكبير برقم ٤٨٧ و صححه الألباني في الصحيحه برقم ٢٢٦ .

چوارەم : گوێڕایەڵی نەكردنی قسەی دایك و باوك كە شارەزاترین كەسن بۆ چارەنووسی كچ یان كوڕ پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم دەفەرموێ : ( إذا جاءكم من ترضون دينه وخلقه فزوجوه...) .

وە چەندین زیان و خراپەی تر لەوانە :

١- تووشبوون بەنەخۆشی (ئەوین) و لەدەستدانی عەزیمەت و زاڵكردنی ئارەزووەكان بەسەر ژیری و شەرعدا



، زانایان ئەوینیان بەنەخۆشی كوشندە داوەتە قەڵەم تەنانەت بەبەشێك لە شیرك داناوە .

٢- ڕێگە خۆشكردن بۆ ئەنجامدانی داوێن پیسی لەبەر ئەوەی هۆكارە بۆ زیناكردن وكاری خراپ لە ئاینی ئیسلامدا بەیاسای (سد الذرائع)قەدەغە كراوە .

٣- شكاندنی سنووری ڕەوشتی ئیسلامی و كۆمەڵایەتی و پەرەپێدان بەناپاكی و دڵنیا نەبوون لەیەكتر .

لە كۆتایدا ئەڵێم :

١- پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : ( البرُّ ما أطمأنَّ إليه النفس والإثم ما حاك الصدر ) چاكە و شتی حەڵاڵ دڵ پێی ئاسودە دەبێ وخراپەش ئەوەیە دڵ پێی ناخۆش بێ .

٢- ئایا ئەو كەسەی گاڵتە بەڕەوشتی خەڵكی تر دەكات پێی خۆشە كەسانی تر لەگەڵ خوشك و دایكی پەیوەندیان هەبێت ، بۆیە داواكارم لەگەنجان بە كوڕ و كچەوە هەموویان شوێنی هەنگاوەكان نەكەون و ساختەی شەیتان كاریان تێ نەكات و شوێنی چارەسەری ئیسلام بكەون كە بریتی یە لە ژنهێنان و مێردكردن .

=============

**بۆ دەستكەوتنی هەر كتێب و نامیلكەیەكی نوێ سەردانی ﴿ سایتی بەهەشت ﴾ بكە**

**www.ba8.org**



# خۆشەویستی
# یان
# پەیوەندی نادروست و لەدەستدانی ڕەوشت



نوسینی
ماموستا خليل أحمد

**www.ba8.org**